# تەقەكردن لە خۆپیشاندەرانی شاری هەڵەبجە
# پەڵەیەكی ڕەشی ترە بە ناوچەوانی یەكێتی نیشتمانی یەوە

سامان ئەحمەد
٢٠٠٦/٣/١٦




جارێكی تر ملهوری و سەركوتگەری دەسەلاتدارانی كوردستان لە شارێكی تر و لەبەرامبەر خەڵكێكی نارازی تردا بە لولەی تفەنگی هێزە سەركوتگەرەكانی ئاسایش خۆپیشاندانی خەڵكی شاری هەڵەبجەیان خەڵتانی خوێن كرد.

سەركوتی سیاسی و ملهوری یەكێتی نیشتمانی لە یادی هەڵەبجەدا سنوری خۆی بەزاند. یەكێتی نیشتمانی لەبەرامبەرخۆپیشاندانی خەڵكی ئەم شارەدا لە بەرامبەر ئاوەدان نەكردنەوە دابین نەكردنی خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان و بەرگرتن بە دزی و تالانی ئەو هاوكاری كۆمەكانەی بە ناوی هەڵەبجەوە لووش دراون ، لە جیاتی وەڵامدانەوە بە دەنگ و نارەزایەتی خەڵك و ڕێزگرتن لە ئازادی خۆپیشاندان، بە پێچەوانەوە بەیادی فرۆكە مەرگهێنەرەكانی سەدام كەوتنە گوللەبارانكردنی لاوان و خەڵكی خۆپیشاندەری ئەو شارە . لە ئاكامی ئەم كردەوە درندانەیەدا تا ئێستا دوو كەس گیانی لە دەست داو چەندین كەسی تریش بریندار‌بوون سەدان كەس دەستگیركران،




سنوربەزاندنی یەكێتی نیشتمانی لە سەركوت و ملهوری لەبەرامبەر خەڵكی هەڵەبجەدا ئەوەی سەلماند كە فرمێسكی تیمساحاوی ئەم حزبانە بۆ كارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و ...هتد جگە لەمامەلە كردن بە كارەسات و مەینەتیەكانی گیانبەختكردووانی ئەو شارەو خەڵكی كوردستانەوە هیچی تر نی یە ، یادی كارەساتی هەڵەبجە بۆ ئەوان تەنها یاری كردن بە ئیحساساتی خەڵك و پەلكێش كردنیانە بەدوای سیاسەتە گلاّوو كۆنەپەرستانەكانی خۆیاندا ، ئەو مەزارەش كە دروستیان كردبوو جگە لە پەردەیەك بۆ داپۆشینی دیوی راستەقینە و ناوەوەی شاری هەڵەبجە و ژیانی خەڵكەكەی و دوكانێك بۆ لووشدانی هاوكاری كۆمەك بۆ هەڵەبجە هیچی تر نەبوو.




بەڵام بۆ خەڵكی نارازی هەڵەبجە یادی ئەو كارەساتە، جگە لەرێزنان لە رۆڵە گیانبەختكردووەكانیان و بنیات نانەوە و ئاوەدانكردنەوەی شارەكەیان و دابینكردنی خزمەتگوزاریەكان و جوانكردنی دیمەنی ناوشار و

سرینەوەی دیمەنی ڤێزەونی کاولکاری شارەکەیان هیچ مانایەکی تری نی یە. کە تا ئێستا لە لایەن دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیەوە ژێر پێ نراوە و تەنانەت ئەو هاوکاری کۆمەکانەی بە ناوی ئەو شارەوە کۆکراوەتەوە کەس نازانێ لە گیرفانی کام لە بەرپرسانی ئەم حزبەدایە.

هەربیانوویەکی یەکێتی نیشتمانی بۆ تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵك پووچ و بێ مانایە. خەڵکی ئەوشارە بە تایبەت توێژی لاوان و خوێندکاران چەند رۆژ بەرلەو رۆژە خەریکی ئامادەکردنی ئەو خۆپیشاندانەو نووسینی داواکاریەکان و خواستەکانیان بوون. ئەوان رازی نەبوون ئەمسالیش بە بێ گوێ گرتن و بریاری جێبەجێکردنی داواو خواستەکانیان رێگا بە سیاسەتی بازرگانی کردن بە گیان و مەزاری رۆڵەکانیانەوە بکرێت.



تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی شاری هەڵەبجە لە ساڵیادی ئەوشارەدا تاوانێکی ئێجگار گەورەیە. ئەگەر تا دوێنێ کیمیا بارانی هەڵەبجە کردەوەیەکی فاشیستانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب و مۆرێکی رەش بوو بە ناوچەوانی رژێمی بەعسەوە. ئەم کردەوەیەی یەکێتی نیشتمانیش درێژە پێدەری هەمان سیاسەتی فاشیستانەی رژێمی بەعسە لە دژی خەڵك لە دژی ئازادی خۆپیشاندان و سەپاندنی ملهوری و سەرکوتی سیاسی . ئەم کارەساتە مۆرێکی رەشی ترە بە ناوچەوانی ناسیۆنالیزمی کورد و یەکێتی نیشتمانیەوە. ئەمەیەکەم جار نی یە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە گوللە وەڵامی خۆپیشاندانی خەڵك دەدەنەوە نموونەکانی شاری کەلار و رانیە و ئاکرێ نموونەی سەرکوتگەری و پێشێلکردنی ئازادی خۆپیشاندان و ئازادی سیاسیە لە کوردستان.

سوتاندنی مەزاری هەڵەبجە بۆ خەڵکی نارازی و بەدەنگهاتووی هەڵەبجە تێك و پێکدانی بنەو دوکانی دەسەڵاتدارانی کوردستانە، ئەو مەزارە بە کردەوە کرابوو بە ئامرازێك بەدەست دەسەڵاتەوە بۆ بازرگانی و پەردەپۆشکردنی دیوی شاراوە و نادیاری ناو شاری هەڵەبجە کە شایستەی ژیانی ئینسانی ئەم سەردەمە نیە. دەنا گیان بەختکردووانی ئەو شارە هەتایە لە دڵ و هەست و ویژدانی خەڵکی ئەو شارە و هەر ئینسانیێکی ئینساندۆستدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. سوتاندنی ئەو مەزارە لەلایەن خەڵکەوە داکوتینی دوا بزماری تابووتی مامەڵەکردن و بازرگانی کردن بوو گیانی رۆڵەکانی ئەو شارەوە.



خەڵکی کوردستان کە ساڵانە لە یادی هەڵەبجەدا سەری رێز بۆ گیان بەختکردوانی ئەم شارە دادەنەوێنن و بە هەست و گیانێکی بەرزەوە یادی رووداوی ئەم شارە دەکەنەوە ، نابێ رێگا بدەن ئەم کردەوە درندانەیە بەئاسانی بەسەر یەکێتی نیشتمانی دا تێپەرێت. ئیتر یادی هەڵەبجە لە کوردستان ناتوانێت جگە رێزنان لەگیانبەختکردوانی ئەو شارە بە چەکی کیمیایی و وەستانەوە بەرووی بێ مافی و پیشێلکردنی ئازادی خۆپیشاندان

و ئازادی سیاسی  لەلایەن یەکێتی نیشتمانیەوە  هیچ مانایەکی تری هەبێت.

خەڵکی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی کارەساتی هەڵەبجە  پێویستە یەخەی دەسەڵاتدارانی یەکێتی نیشتمانی بگرن کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی ئەوشارە سووربووە و خۆپیشاندانی خەڵکی ئەوشارەیان گوللە باران کردووە، هەربۆیە دەبێت هەموو مەراسیم و یاد و کۆڕێکی دەسەڵاتداران بەناوی هەڵەبجەوە تەحریم بکرێت و ڕووی تێنەکرێت و ریسوا بکرێت. دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی خەڵکی هەڵەبجە. ئەمرۆ پێویستە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە دژی ئەم ملهوریەی دەسەڵات و بەرگری لە خواستە رەواکانی خەڵکی ئەم شارە و شارەکانی تری کوردستان  ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان دەنگی خۆیان هەڵبرن و بێەمەیدان.




یادی هەڵەبجە ئەوە دەخوازێ ئیدارەی ئەم شارە لە جیاتی بەدەست کۆمەڵێك مفتەخۆر و بەرپرسی تفەنگچی و بکوژانی لاوانی ئەم شارەوە بێت و بیبەن بەرێوە، بچێتە دەست نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی شاری هەڵەبجە ، هەر نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك خۆیان دەتوانن سیمای کاولکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و داواو خواستەکانی تری خەڵك جێ بەجێ بکەن، هاوکاری و کۆمەکەکانی هەڵەبجە لە خزمەتی شارەکەی خۆیاندا بەکاربهێنن.